ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# The influence of political hegemony on the emergence of Shiite jurisprudence and the reasons for the delay of its writing during the first Abbasid period (132-247 AH/750-861 AD)

**Goran Abdullah Hama-Ali Dasni**

**College of Social Sciences – University of Sulaimani**

**Kaiwan Aazad Anwar**

**Koysanjak Education Directorate**

**Email:**
kaiwan.anwer@univsul.edu.iq
Goranabdulla593@gmail.com

***Keywords:***

**Jurisprudence, Imamate, Personal opinion, Shi'a, Politics**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

## ABSTRACT

The Influence of political Dominance on the Emergence of Shiite Jurisprudence and the Reasons for its late development in the Early Abbasid Period (132-247 AH/750-861 AD)

Jurisprudence is the basis of Islamic Shari'ah and its completion through which religious scholars and Islamic thinkers could interpret and clarify Shari'ah texts and understand them in accordance with texts of the Qur'an, the sayings of Prophet (peace and blessings of Allaah be upon him), the sayings attributed to the Companions, and personal opinion of Muslim scholars and their fatwas. These scholarly contributions came as responses to the queries, problems, and misunderstandings faced by the Muslim community. During the early Abbasid period, Shi'a jurists faced a prolonged period of political restriction, which restricted their ability to freely disseminate and improve their juristic stances and theoretical basis.

This study aims to highlight the political influence during that period on the emergence and development of Shi'a jurisprudence, as well as to clarify the reasons behind the delay in its compilation until the early Abbasid era. To maintain this aim, the study adopts a comparative historical-analytical methodology, tracing the political circumstances that shaped Shi'a legal thought and analyzing the factors that contributed to the delay in its documentation. We have divided the content of the research into six different sections that include the objectives of the research The study ends with the main key findings and recommendations.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5081

## أثر الهيمنة السياسية على انبثاق الفقه الشيعي وأسباب تأخر تدوينه في العصر العباسي الأول (١٣٢-٢٤٧هـ / ٧٥٠-٨٦١م) *

**الباحث: گۆران عبدالله حمەعلی داسنی** **المشرف: أ.د. كەيوان ئازاد ئەنوەر**
**وزارة التربية ـ مديرية تربية كويسنجق** **كلية العلوم الانسانية ـ جامعة السليمانية**

***بحث مستل من أطروحة الدكتوراه**

**الخلاصة**

الفقه من أسس الشريعة الإسلامية ومكملاته ومن خلاله استطاع علماء الدين والمفكرون الإسلاميون تفسير نصوص الشرعية وتبسيط فهمها مما كان يصعب على الناس فهمها واستنادا على نصوص القرآن وأقوال الرسول (صلى الله عليه وآله وسلم) والأقوال المنسوبة الى الصحابة واجتهادات علماء المسلمين وفتاواهم، عُرضت التحليلات والتفسيرات. وكانت المحاولات العلمية بمثابة إجابات على الأسئلة التي واجهت اليهم، وفقهاء الشيعة عاشوا فترة أطول في تلك المرحلة، لكنهم لم يتمكنوا من نشر نظرياتهم وآرائهم الفقهية بحرية تامة بسبب الوضع السياسي السائد في تلك الحقبة.

تهدف هذه الدراسة إلى إبراز الدور السياسي الذي لعبته تلك الحقبة في تطوير الفقه الشيعي والتأليف فيه الى ان أصبح أساساً لمذهبهم.

وللوصول إلى النتائج، اعتمدت هذه الدراسة المنهج التاريخي التحليلي المقارن، متضمنًا التجربة السياسية لتلك الحقبة على فقه الشيعة، وأسباب تأخر كتابته، وقد وزعت المادة العلمية للبحث على ستة فروع ، وأخيراً، ختم البحث ذكر أهم النتائج والتوصيات.

**الكلمات المفتاحية:** الفقه ، الإمامة ، الاجتهاد، الشيعة ، السياسة.

## كاریگەری هەژمونی سیاسی بەسەر دەرکەوتنی فیقهی شیعی و هۆکاری دواکەوتنی نوسینەوەی لەسەردەمی یەکەمی عەباسیدا (١٣٢- ٢٤٧ك/ ٧٥٠- ٨٦١ ز)

**توێژینەوەی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا**

**م.م. گۆران عبدالله حمەعلی داسنی** **أ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**
**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە** **کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی**

**پێشەکی**

(فیقهـ)؛ بابەتێکی گرنگ و یاسایەکە بۆ موسڵمانان، بۆ چارەسەری پرس و پرسیارەکان تا بتوانن لەگەڵ بارودۆخ و ئەو پێشهاتانەی دێنە پێشەوە هەڵسوکەوت بکەن، ووشەی (فیقهـ) تێگەیشتنێکی قوڵە بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان کەلە دەق یا گوفتار و کردار و پەسەندکراوەکانی پەیامبەرەوە وەرگیراون، ئیجتیهادی پێشەواکانی ئەوبوارەیە کە هەوڵیاندا چارەسەری ئەو پرسانە بکەن کە مشتومری دەهێنا گۆڕێ، چونکە هەمووان نەیاندەتوانی لە دەق و ناوەرۆکی مەبەستەکە بگەن، بەوەش ڕای جیاواز لەنێوان موسڵمانان دەرکەوتن، بەتایبەت سەبارەت بە ئیمامەت (پێشەوا)، هەرچەندە زاناکان هەوڵیاندا بۆ چارەسەری ئەو بابەتانە بەڵام بۆیان نەکرا چارەسەری بکەن، بەڵکو دواتر بە ئیسلامی (سوننە و شیعە) ناسران و دوو ئاراستەی جیا لەهەمان ئایین دەرکەوتن.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیە؛ هەوڵماینداوە دەرکەوتنی شیعەگەری و جیابونەوەی وەك فیقهێکی سەربەخۆ و هۆکاری دواکەوتنی نوسینەوەی فیقهی شیعی بخەینەڕوو، لەگەڵ ئەو پەرتوکە فیقهیانەی گرنگییەکی زۆریان هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکەمان؛ خستنەڕووی بابەتێکە، کە چوارده سەدەیە موسڵمانانی سەرقاڵ کردووە و ناکۆکی لەنێویان دروستکردووە کە جیابونەوەی (سوننە و شیعە)ن، لەکاتێکدا لەیەك سەرچاوەوە شەرعییەت وەردەگرن کە قورئان و سوننەتن، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بونە هۆی دواکەوتنی تۆمارو نوسینەوەی فیقهی شیعە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا؛ میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەراوردکاری بەکار هاتوە، بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئەوبوارە، هەوڵماندەوە دەرکەوتنی (فیقهی شیعی) و ڕۆڵی فەقیهەکان و پشتیوانی و ناکۆکیان لەگەڵ خەلیفەکان و کاردانەوەیان و هاوکات ڕاوبۆچونە جیاوازەکان بەراورد بکەین و بۆچونی خۆشمان بخەینەڕوو،.

**توێژینەوەکانی پێشو**

**یەکەم:** (أثر التشيع على الروايات التاريخية في القرن الأول الهجري) لە نوسینی (عبدالعزيز محمد نور ولي) جگەلەوەی زەمەنی مێژوویی جیاوازە، بەگشتی باسی دەرکەوتنی شیعە و هۆکار و کاردانەوەکان دەکات.

**دووەم:** (التوظيف السياسي للفكر الديني في العصر العباسي من/ ١٣٢-٢٤٧هـ) لە نوسینی (فائق محمد حسين الزبيدي) کە جەخت لە ڕۆڵی سیاسی و کاریگەری بەسەر بیری ئاینیدا دەکاتەوە و سیاسەت تاچەند هاندەرە بۆ دەرکەوتنی بیری سیاسی، یاخود وەك کاردانەوەیەك دژ بە سیاسەتی چەوت.

ئەگەرچی ئەو پەرتوکانە ڕاستەوخۆ باسی هەمان بابەت و تێڕوانینی ئێمە ناکەن، بەڵام لە هەندێك لایەن ڕۆڵی سیاسی دەردەخەن کە کاریگەری هەیە بەسەر دەرکەوتنی بیری ئایینی، وەك کاردانەوە یا پاڵپشتی.

**یەکەم: زاراوەو چەمکی شەریعەت و فیقهـ**

(شەریعەت) ڕێگاو یاسایەکە بۆ بەرچاوڕونی موسڵمانان تا شوێنی بکەون و کاری پێبکەن، وەك خودا فەرمویەتێ: (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا)[1]. یا ئەو حوکمانەی پێغەمبەران هێناویانە و ڕونییان کردۆتەوە، یا ئەوانەی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) بەخەلکی ڕاگەیاندووە لە قورئان و کردار و گوفتار ( ابراهيم، ١٩٩٩، ٩).

چەمکی فیقهـ؛ تێگەیشتنە لە کرۆکی ئایین( البياتي، الدوري، ١٩٧٦، ٨١)، وەك لە قورئاندا هاتووە: (وَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَفْقَهُونَ)[2]. یاخود: (بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُون)[3]. کەواتا (فقه) تێگەیشتنێکی قوڵە(إمام، ٢٠٠٥، ٣٩٤). یا قوڵبوونەوەیە لە بابەتێك کە پێویستی بەڕادەیەکی بەرزی تێگەیشتنە، وەك خودا فەرمویەتی: (فَمَا لِهَؤُلاء الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا)[4].

(فیقهـ)؛ ئیجتیهادی کردو ئەوەی دەرخست کە قسەکەر مەبەستی چییە، لە پێگەو جیاوازی وشە لەو زمانەی دەقەکەی پێ نوسراوە (ابن القيم،١٩٩١، ١٦٧/١). کە لەسەر بنەمای (الكتاب.، السنة، الاجماع، العقل)، وەستاوە، نابێت یاسایەك دژی ئەوانە دەربچێت لەنێو موسڵمانان (الدليمي، ٢٠٢٤،٥٤). (فەقیهـ)یش کەسێکی شارەزایە، ئاماژەیە بۆ ئەو زانایانەی توانای ڕاڤە و شیکاری و بڕیاردانیان هەبووە، بە پشت بەستن بە بەڵگە ئایینیەکان(الجيزاني، ١٤٢٧، ٢٢؛ ابراهيم، ١٩٩٩، ١١).

**دووەم: فیقهی شیعی و جیابوونەوەی لە فیقهی سوننی**

شیعەکان؛ لە هەندێك بواردا لەگەڵ سوننەدا هاوڕابوون و لەهەندێك بابەتی تردا بەتەواوی ناکۆك بوون(ابراهيم، ١٩٩٩، ٨٣). گرفتەکانی نێوانیان زیاتر لەسەر پرسی پێشەوایەتی (الإمامة) دروست بوو، شیعەکان ڕایان وابوو پێشەوایەتی یەکێکە لەپایەکانی ئایین، بۆیە ناکرێت پەیامبەر (د.خ) پشتگوێی خستبێت یان ڕادەستی ڕای گشتی کردبێت(ابن العبري، ١٩٩٢، ٩٧/١). بەپشت بەستن بەوەی کەسێك بەناوی (ئەنەس) لە پەیامبەرەوە گێڕاویەتەوە کە فەرمویەتی: "يا أنس أول من يدخل عليك من هذا الباب أمير المؤمنين وسيد المسلمين وقائد الغر المحجلين وخاتم الوصيين، فكان عليا".(ابن منظور،

١٩٨٤، ١٨/١٨؛ الذهبي، ١٩٦٣، ٦٤/١)، دەبێتە شاهیدی شایستە بوونی (عەلی) بۆ خەلافەت (أبن الحجر العسقلاني، ٢٠٠٢، ٣٥٧/١؛ أبن عراق، ١٣٩٩، ٣٥٧/١)، کە گەلێك نمونەیتر لە بابەتی شایستە بوون و بەپێشخستن و ڕاسپاردنی عەلی لە ئەرکدا هەن. تا ئیمامیان گەیاندە ئاستێکی باڵاو شیعەی ئیسماعیلی بۆچوونی بێ هەڵەیی ئیمامەکانیان کردە بنەمای ئایین و وتبوویان: ئیمام لە لق و پرنسیپدا هەڵە ناکات، زاناو موجتەهیدەکانیش تەنها نوێنەری ئیمامن یان پەردەیەکن. بۆیە (الحوالي) وەك تەنزێك نوسیویەتی: کەواتا لە سەرچاوەی دامەزراو و ناسراو (قورئان و سوننەت) دوورکەوە و دەست بگرە بەسەرچاوەی خەیاڵی و ئیمامی شاراوەی ژێرزەمینەکە و هاوشێوەکانی(٢٠١٢، ١٤). ئەگەرچی فیقهی شیعی و بیریارانی، ئیمامەکان لە گوناح و هەڵە بێبەری دەکەن، بەڵام ناکرێت مرۆڤ هەرگیز هەڵە نەکات، چونکە پێشەوایەتی پێویستییە، وەك چۆن سوپا بێ سەرکردە نابێت، گەلیش بێ سەرۆك نابێت و پارێزگاری مافەکانیانە(دخیل، ٢٠١١، ٨/١).

پرسی خەلافەت؛ موسڵمانانی دابەشکرد، بەوەی ئایا لەدوای پەیامبەر کێ خاوەن مافی خەلافەتە؟ بە: (بەیعەت و ڕاوێژ) یاخود بەدەق یا دانان دادەنرێت؟، ئایا خەلیفە دەسەڵاتی زەمەن و ڕوحی یەکدەخات؟، ئەو پرسیارانە بوونە هۆکاری جیابوونەوەی سوننەو شیعە(الفیومي، ٢٠٠٢، ١٦/٤). تا (دوو) فیقهی جیاواز دەرکەوتن، بەهۆی ئەوەی سوننەکان قسەی شیعەکانیان ڕەتکردەوە، شیعەکانیش فەرمودەی هاوەڵانیان ڕەتکردەوە، تەنها ئەوانەنەبێ شوێنکەوتەو لایەنگری (عەلی) بوون، جگەلە ڕێبازی (زەیدییەکان) ئەوانیتر دانیان نەنا بەخەلافەتی (ئەبوبەکر و عومەر)دا( ابراهیم، ١٩٩٩، ٨٣). ڕوانگەیان بۆ خەلیفە جیاواز بوو، وتیان: ئەرکە ئیمام بەنهێنی و ئاشکرا بێ هەڵەبێ، مەرج نییە ئاگاداری هەموو زانیارییەک بێت، بەڵام لە هەرشتێکدا ئیجتیهاد بکات دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت. بۆیە دروست نییە کەس بەشمشێر دژی ڕاپەڕێت(أبو حیان، ٢٠٠٠، ٦٠٦/١)، چونکە لەهەموو شتێکی شەرم و سوکی و بێڕیزی دوورن، ئەوان لەبنەچەو لقەکانی پەیامبەرن، زۆرترین زانیاری لەسەر قورئان، کە لای پەیامبەر بووە لای ئەوانە، ئەوان گەنجینەی زانست بوون، دەرگای حیکمەت و وەرگێڕانی (وەحی) و یەکەم کەس زانیاری لای (عەلی) بووە، وەك براو زاواو سەرپەرشتیاری هەموو نهێنیەکانی بووە، هەموو ئەو زانستەی هاوەڵان و خەلیفەکان پێویستیان پێیبوو لای بووە(الباکستاني، د.ت، ٢٧). بۆیە گەورەترین ناکۆکی موسڵمانان لەسەر ئیمامەت بووە و شمشێریان لە دژی یەکتر دەرهێنا(أبن العبري، ١٩٩٢، ٩٨/١).

بەوجۆرە؛ جیهانی ئیسلام بۆ (دوو) بەرە دابەش بوو، دەکرێت ئەوەش بەچەند بەڵگەیەك بسەلمێنین، کە دەرکەوتنی شیعەگەری و سوننی گەرایی دەرهاویشتەی زەمەنێکی دواتری تێڕوانینی سیاسی بوو، لەسایەی ڕێبازە سیاسییە ئایینیەکاندا، نەك لەگەڵ دەستپێکی ئیسلام سەریهەڵدابێت. دیارە کەسێکی وەك (ئەبوحەنیفە/٨٠-١٥٠ك/٦٩٩-٧٦٧ز) سەرمەشقی فیقهی سوننی، لەلای (چوار) لە زاناکانی بنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) خوێندویەتی، کە هەریەك لە (زەید کوڕی عەلی زین العابدین)، (موحەمەد کوڕی علی زەین العابدین)، پێشەوا (جەعفەر صادق) و (عەبدوڵڵا کوڕی حەسەن کوڕی حەسەن) بوون(عمارە، ٢٠١٠، ١٦)، بۆیە ئەگەر لەسەرەتاوە ئەو جیاوازییە بوونی هەبووایە ئەوا (ئەبوحەنیفە) بۆ خوێندن نەدەچووە لای ئەوان و خوی بەدوور دەگرت، یاخود دەبوو بە شیعە، لەژێر کاریگەری ڕێنمایی و وانەکانی ئەواندا، ئەوە لەکاتێکدا (ئەبوحەنیفە) لە ڕەگەزی فارس بوو(عمارە، ٢٠١٠، ٩). باس لەوەش کراوە، ئایینزای شیعە لەودەمەدا لە وڵاتی فارس پەرەی سەندبوو، کە تائێستاش درێژەی هەیە(ماجد، ٢٠١٣، ٢٥١). وەك (القفاری) پێیوابوو: زۆربەی فارسەکان شیعە بوون و شیعە بەرایییەکانیش هەر فارس بوون(١٤١٤، ٨٥/١). ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە فارسەکان وەك نەتەوە ڕۆڵیان لە چەسپاندنی ئایینزای شیعی هەبوو، بەنیازی گێڕانەوەی شکۆمەندی لەدەست چویان، کە بە موسلمان بونیان خەیاڵی فارسی بوونیان لەبیر نەکردبوو(الفیومي، ٢٠٠٢، ١٨٣/٣.). هەرچەندە باس لەوەکراوە، (دوو) لە ئایینزا فیقهیەکانی سوننی (حەنەفی و مالیکی) لەگەڵ عەلەوییەکان هاوسۆز بوون(برۆکلمان، ٢٠١٧، ١٥٢). بۆیە دورستکردن و جیاکردنەوەی فیقهی سوننی و شیعی هێندەی پرسێکی سیاسیی بوو ئایینی نەبوو. هەروەك (واسڵ کوڕی عەتا/٨٠-١٣١ك/٦٩٩-٧٤٩ز) لای (ئەبو هاشم کوڕی موحەمەد حەنیفە کوڕی عەلی) خوێندبووی، کەچی کاریگەری بیری شیعی

بەسەرەوە دەرنەکەوتووە، تەنها ئەوەی دەوترێت، واسڵ (عەلی) لە خەلیفەکانیتر بەگونجاوو باشتر زانیووە، بەڵام هەڵەکانی شەرکردنی خستۆتە ئەستۆی ئەو(قادر، ٢٠١٧، ٤٣٥). لەکاتێکدا موعتەزیلەکانی شوێنکەوتوی واسڵ پێیانوابوو دەکرێت خەلیفە قورەیشی نەبێت و لەبنەماڵەی پەیامبەرو نەوەی عەلی نەبێت، تەنها موسڵمان و دادپەروەربێت بەسە(ئەنوەر، ٢٠١٦، ٢٠٠).

لە سەرەتاوە؛ کاتێك (ئەبوبەکر ١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز) بوو بەخەلیفە، عەلی تەنها پێیوتبوو: بۆچی ڕاوێژت لەگەڵ نەکردم؟ ئەبوبەکر پێیوتبوو: کاتی پێویست بۆ ڕاوێژ نەمابوو، ترسمان هەبوو بابەتەکە لەدەست دەربچێت. کاتێکیش ئەبوبەکر چووە سەر مینبەر، وتبووی: لەم بابەتە دوورم بخەنەوە، چونکە من باشترینی نێوانتان نیم. ئەوکاتە عەلی وتبووی: نەدوورت دەخەینەوە، نەدەست لەکاردەکێشیتەوە. هەربۆیە بەکۆی دەنگ لەسەر جێنشینی (ئەبوبەکر) ڕێککەوتوون(أبن العبري، ١٩٩٢، ١/٩٩). ئەوەش پاڵپشتییەکی گەورە بوو بۆ ڕەوایەتی خەلافەتی (ئەبوبەکر)، ئەگەرچی شیعەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە، ڕەنگە بەبەڵگەیەکیشی بزانن، کە لەزاری خۆیەوە وتبێتی من باشترینتان نیم، وەك ئەوەی عەلی باشترینە.

کەسێکی وەك (شافعی/١٥٠-٢٠٤ك/٧٦٧-819.)؛ کە خۆی لە بنەماڵەی (طالبییە)، کاتێك چووە میسر، وتبووی: دەمەوێت بچمە لای خاڵە ئەسەدییەکانم، کە ڕەچەڵەکی لە دایکیشیەوە دەگەڕێتەوە بۆ (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)، ڕاستیەکەشی وایە، چونکە (محمد کوڕی ئیدریسی شافعی کوڕی فاتیمە کچی عەبدوڵڵا حەسەن کوڕی حوسێن کوڕی عەلی) یە، کەواتا لە دایك و باوکەوە سەر بە بنەماڵەی تاڵبی یە(الدقر، ١٩٩٦، ٤١). تائەوەی دەیانەوێت شافعی بکەن بەشیعە، وەك ئەوەی (یونس کوڕی عەبدول ئەعلا/٢٦٤ك/٨٧٧ز) کە یەکێك لە گەورە فەقیهەکانی میسر و بیرمەندێکی فەرمودەناس و زانست خواز و هاوڕێی شافعی بووە، وتبووی: (فاتیمە) دایکی شافعییە، کە هیچ هاشمیەك ناناسم لە هاشمیەکان لە دایك بووبێت جگەلە (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و شافعی)(الدقر، ١٩٩٦، ٤٢). کەچی شافعی وتبووی: من نەمبینیوە کەس شایەتی درۆ بدات جگە لە ڕافیزەکان(الزركشي، ١٩٩٨، ٣/٣٩٩). کە وادەردەکەوێت مەبەستی بنەماڵەی عەلی و زاناکانیان نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوانە بووە نانی سیاسی بەناوی خۆشەویستی بۆ ئەو بنەماڵەیە دەخۆن، بەڵام ئەو تێروانینە بۆ (ئەحمەدی کوری حەنبەل ١٦٤-٢٤١ك/٧٨٠-٨٥٥ز) جیاوازە، چونکە بە (باوکی عوسمان کوڕی شافعی) وتبوو: من بە (سێ) هۆکار تۆم خۆشدەوێت: قورەیشیت، کوڕی (ئەبو عەبدوڵڵای شافعی) و لەنێو سوننەدای (السلماسي، ٢٠٠٢، ٢٠٣). بەو واتایەی سوننی بوون لای (حەنبەل) باوەردارییە و ڕەتکردنەوەی شیعەگەرییە. کەواتا لەو قۆناغەوە جیاوازییەکە بەڕوونی دەردەکەوێت.

بەوجۆرە؛ لەژێر سایەی سیاسەتی هەردوو خەلافەتی ئومەوی و عەباسی، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو ژیانە سەختەی نەوەکانی عەلی و شوێنکەوتەکانیان تێیدا دەژیان، شیعەگەری و فیقهی شیعی گەشەیکرد و لەجیهانی سوننی دابڕا، سیاسییەکانیش ئەوەیان قۆستەوە، بەجۆرێك تادەهات ئەو درزە فراوانتر دەبوو، تائەوەی بەڕێککەوت نەبووبێت هیچ بۆنەو چەژنێکیان بەیەکەوە نەکردووە، لەکاتێکدا لەیەك سەرچاوەوە بیرۆکەکانیان هەڵدەقوڵا کە قورئان و سوننەتە، بۆیە لەڕووی هزری لەزۆر بابەتدا لەیەکەوە نزیك بوون و بۆچونەکانیان دژی یەك نەبوو لە فتوا شەرعیەکان لەڕووی فیقه و ئیجتیهادەوە، مەگەر لە چۆنیەتی چارەسەرکردنادابێت(شرارة، ١٩٧٥، ١٨٢).

**سێیەم: دەرکەوتنی فیقهی شیعی**

سنور دانان و دیاریکردنی ڕێبازەکانی فیقهیی سوننی کارێکی ئاسانترە؛ بە بەراورد بە ڕێبازەکانی فیقهی شیعی، چونکە شوێن و کاتی دامەزران و کەسەکان دیارن و ڕابردوویەکی سیاسی زۆر ئاڵۆزیان نییە، بەڵام سەختە ئاماژە بەدامەزراندنی ڕێبازی فیقهی شیعی بکەین، چونکە ڕووداوە سیاسیەکان لەسەرەتاوە لە (سەقیفە بنی ساعدة) ئەوکەپرەی (ئەبوبکری صدیق) گفت (بەیعەت)ی تێدا وەرگرت ڕووداوەکان بەئاڵۆزی دەستپێدەکات(الخیون، ١٤٢٦، ٢٣٣). ئەو فەقیهانەی بوونە پێشە

نگی فیقهی سوننی (ئەبو حەنیفە، مالیك، شافعی، حەنبەل)، هیچ کات وتەیەکیان وەك وەڵامدانەوە دژی فەقیهە مەزنەکانی شیعە لێ نەبینرا، تەنانەت (ئەبوحەنیفە) وتبووی: هیچ فەقیهێکی هاوشێوەی (جەعفەری صادق/٨٣-١٤٨ك/٦٩٩-٧٦٥ز)م نەبینیوە(الدليمي، ٢٠٢٤، ١٥٣). هەر بەهەمان شێوە ئیمام (مالیك/٩٣-١٧٩ك/٧١١-٧٩٥ز) خوێندکاری (جەعفەر صادق) بوو، زانستی فەرموودە و زانستەکانی تری لێ وەرگرتووە، زۆریش پێی کاریگەربووە، تا ستایشی کردوە و وتویەتی: ئیمام (جەعفەر صادق) زۆر بەزردەخەنە بوو، کاتێك باسی پەیامبەری دەکرد ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، هەر بەدەستنوێژەوە باسی دەکرد، من تەنها بە (سێ) شێواز بینیومە، یا خەریکی نوێژکردن بوو، یا بەڕۆژو بوو، یا قورئانی دەخوێند، لەو زانا و خواپەرستانە بوو کە لەخودا دەترسا(عماره، ٢٠١٠، ١٠٩). کەواتا ئەوەی روویدا دەرئەنجامی سیاسەت بوو نەك بیروباوەڕی ئایینی.

ئەو گەواهیدانەی ئیمامەکان بۆ یەکتری؛ ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەوان هیچ کات ئەو تێڕوانینەیان بۆ فیقهی ئیسلامی نەبووە، کە دواتر بەهۆکاری سیاسی دەرکەوت، ئەگەر جیاوازیان هەبووایە ئەوا یان دەبوو ئەو ئیمامانە ببونایە بەشیعە یاخود لای ئەو نەیاندەخوێند، چونکە(جەعفەر صادق) فەقیهو موجتەهیدێکی مەزن بوو، کە شیعەکان پشتیان بەفتواکانی دەبەست، تائێستاش گەورەترین کاریگەری لەسەر مەزهەبی شیعی و فراوانترین شوێنکەوتەی هەیە، چونکە ڕاستگۆ و فەقیهو پێشەوا بووە(الدليمي، ٢٠٢٤، ١٥٤). کاتێکیش شۆرشی ڕەتکردەوە، لەخەمی بڵاوکردنەوەی زانستی ئایین و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە بوو کە ئایین تێیکەوتبوو، ئەوڕێگایەی بەبەرگریکردن لەئیسلام و بڵاوکردنەوەی هزر دەزانی، نەك ڕووبەڕوبوونەوەی عەباسییەکان(عكله، ٢٠١٣، ٧٩). وەك ئەوەی باوەڕی بەڕق و کینە نەبوبێت، بنەمای ئەو تێڕوانینەی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەرمونیانی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) کە وتبووی: (إذا قدرت على عدوك فاجعل العفو عنه شكرا للقدرة عليه)(أبي طالب، ١٩٦٧، ٤٧٠). ئەوەش کارێکی میهرەبانانەیە. ئەو ڕایە؛ لە بۆچونێکی ڕاست دەچێت، چونکە بەلای ئێمەوە بنەماڵەی عەلی و نەوەکانی ئەوەندەی لەخەمی ئایین و ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە پوچ و هەڵانە بوون کەوتبوونە نێو ئایینەکە، هێندە تامەزرۆی دەسەڵات نەبوون، ئەگەرچی لە ئاراستەکردن و بەکارهێنان لەلایەن کەسانی سیاسی بەدەر نەبوون.

بەگشتی؛ خوێندنگا فیقهیە شیعیەکان لەسایەی چەتری سیاسیدا بەقۆناغ گەشەیان کرد، وەك (ئیمامیەکان) کە پێشیاندە وترێت (جەعفەری)، کە گەورەترین خوێندنگا و ڕێبازی ئایینزای شیعی بوون( ابراهيم، ١٩٩٩، ١١٨). لە سەرەتای ئیسلام بەدرەنگەوە دەرکەوتن، چونکە سەرەتا چەمکی شیعە گشتی بوو، دواتر لەسەردەمی ئومەوی گۆڕان بۆ گروپی سیاسی. بە شێوەی نهێنی خۆیان ڕێکخستەوە، وەك ڕێکخستنی کوڕانی (موحەمەد حەنیفە)، کە دواتر شۆڕشیان ڕاگەیاند، بەسەرکردایەتی (سلێمان کوڕی سەردی خوزاعی، موختار کوڕی ئەبی عوبەیدوڵای سەقەفی و زید کوڕی عەلی کوڕی حوسێن)(الخيون، ١٤٢٦، ٢٣٧). بۆیە (بلکا) ڕایوایە، لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی و سەرەتای هەشتەمی زاینی شیعەگەری دروستبووە (٢٠٢٥، ٢٠/١)، کەواتا ئەوەی هەبوو فیقهـ نەبوو بەڵکو بابەتێکی سیاسی بوو. بۆیە لەسەرەتاوە هیچ تایبەتمەندیەك نەبوو لەبارەی فیقهو کەلامی شیعی، ئەوەی ڕوویدا تەنها دەرهاویشتەی هەوڵی (جەعفەر صادق) بوو، کە دواتر وەك لقێکی ئایینزای شیعە دامەزراو پێیوترا (ئایینزای جەعفەری)، کە هەموو ئەو گێڕانەوە و سوننەتانەی شیعە ڕێنمایی دەکرد لەسەر زاری ئەوەوە دەرچوون(الخيون، ١٤٢٦، ٢٣٦). ئەگەرچی پێشتر (زەیدییەکان) هەبوون، بەڵام کاریگەریان نەگەیشتبووە ئەو ڕادەیەو زیاتر وەك بیرۆکە دەردەکەوێت، چونکە بۆچوونی زەیدییەکانیش زۆر لە بۆچوونی فیقهی سوننی دوورنەبوو، تەنها لەهەندێك شتی لاوەکی نەبێت( ابراهيم، ١٩٩٩، ١١٧). بۆیە لەم بارەیەوە (السبحاني) پێیوابووە: (زەید) خاوەنی ڕێبازێکی ئیلاهیات و فیقهی نەبووە، ئەگەر باوەڕی بە دادپەروەری و یەکتاپەرستی هەبوو، دژی جەبر و هاوشێوەیی بووبێت، ئەوا لەبەرئەوە بووە لە میراتی باوانییەوە بۆی ماوەتەوە(١٤٢٧، ٢٤١). ئەوەش نەیدەتوانی ئامانجی سیاسی شیعەکان بەدیبهێنێت، چونکە فیقهی زەیدی پاروای بیری شیعەکانی نەدەکرد و ناکۆکیان لەگەڵ زۆرینەی سوننیدا زۆر توند نەبوو(برۆکلمان،

٢٠١٧، ١٣٤). تەنانەت کاتێك پرسیاریان لە زاناکانیان کرد، ئایا زەکات و هاوکاری بە زەیدیەکان بدەین؟ وتبویان: بەهیچ جۆرێك هیچیان پێ مەدەن، ئەگەر بۆتان کرا ئاویشیان پێ مەدەن، چونکە زەیدییەکان بێباوەڕن(الدلیمي، ٢٠٢٤، ٩١).

بۆیە؛ بەر لەوقۆناغە، هەموو جیهانی ئیسلامی وەك یەك شەرع و یاسای ئیسلامی دەبینرا، مەرجیش نیە خودی ئیمام (جەعفەر صادق) مەبەستی بووبێت فیقهێکی سەربەخۆ دامەزرێنێت و جیهانی ئیسلام لەت بکات، ئەمەو پێناچێت هیچ کات ویستبێتی ناکۆکی بخاتە نێو ڕیزی موسڵمانان، بۆیە بڕیارو فتواکانیشی لەبەرژەوەندی گشتی موسڵمان دابوو، نەك بۆ دەستەو کۆمەڵێك. هەر بۆیە، موسڵمانانی سوننی، لەبارەی ئەوانەی بەزاری ئیمام (جەعفەر)ەوە وتراوە پێیانوایە، قسەی شیعەکانە بەزاری ئەوەوە هەڵبەستراون(الخیون، ١٤٢٦، ٢٣٧). دیارە ئەو خوێندنگا فیقهیە کاریگەرترین خوێندنگای فیقهی شیعی بوو، تا یەکێك لە بۆچونەکانیان ئەوەبوو: گەندەڵی ئەوەیە لە هێڵی جەعفەری دووربکەویەوە، ئەوە سوکایەتییەکە لێخۆشبوونی نیە(السالوسی، ٢٠٠٣، ٧٠٩). بەو بۆچونەش سوننییەکان ئەهلی بەهەشت نین، چونکە لەسەر ڕێبازی ئەو خوێندنگایە نەبوون. کە دواتر هەرئەو خوێندنگایەی (جەعفەری) بە (شیعەی دوانزە ئیمامی) ناسرا(الجعفري، ١٩٩٨، ٣٨/١).

**چوارەم: پەرتوکە فیقهیە دیارەکانی شیعە و تێروانینی سوننەکان**

ئەگەرچی لە بواری فیقهیدا؛ گەلێك پەرتوك بوونەتە سەرچاوەی فەلسەفە و ڕوحی فیقهی شیعی، کە هەندێکیان وەك باوەڕپێکراوترین پەرتوك و فتوای فیقهی ناسراون، بەڵام هیچ یەکێك لەو پەرتوکانە ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی فەقیهەکان و خاوەن ڕێبازەکانی فیقهی شیعی نەنوسراونەتەوە، لەکاتێکدا شیعەکان بەبنەمای ڕێساکانی خۆیان زانیوە، لەم بوارەدا ئاماژە بە (چوار) پەرتوکی سەرەکی دەکەین، ئەوانیش: (الکافي في الاصول و الفروع) یاخود (أصول الکافی)ی (محمد کوڕی یەعقوبی کولەینی/٣٢٩ك/٩٤١ز) کە لە (١٦١٩٩) فەرمودەی ڕێکخراو پێکهاتووە، هەروەها (من لایحضره الفقیه)ی (أبو جعفر محمد بن علي بن الحسین بابویة القمي/٣٨١ك/٩٩١ز) ناسراو بە (شێخ صدوق) لە (٥٩٦٤) فەرمودە ڕێکخراوە، (الاستبصار) و (التهذیب)ی (موحەمەد شێخی تائیفەی طوسی/٤٦٠ك/١٠٦٨ز) لە (١٩١٠١) فەرمودە ڕێکخراون (السالوس، ٢٠٠٣، ٧١٩؛ الخیون، ١٤٢٦، ٢٣٦؛ الدلیمي، ٢٠٢٤، ١٩).

لەگەڵ ئەوەدا؛ دەوترێت کۆنترین پەرتوکی فیقهی شیعی (المجموع)ە، کە (زەید بن علی) دایناوە، لەلایەن (شرف الدین الحسین بن احمد بن بن علي بن محمد الحیمي الصنعاني/٢٢١ك/١٨٠٦ز) لە (الروض النضیر، شرح مجموع الفقه الکبیر) لە (چوار) بەرگدا کۆکراوەتەوە. وەك (أبو خالد الواسطي)ش گێڕەرەوەی فەرمووده کۆکراوەکان و کۆکەرەوەی فیقهی زەیدی، (پانزە) کتێبی لەسەر فەرمودە نووسیووە، لەوانە (المجموع)، بەڵام گەڕاندنەوەی ئەم کتێبانە بۆ زەید جێگای گومانە(الزحیلي، د.ت، ٥٧/١؛ ابراهیم، ١٩٩٩، ١١٦). ئەو گومانەش زیاتر لەوەدا دیارە، شیعەکان (چوار) پەرتوکەکەی تریان بەلاوە گرنگتر بوو، چونکە ئەوانەی لەبارەی فیقهی زەیدیەوە نوسراون لای زۆرینەی شیعە پەراوێزخراوترە. ئەگەرچی خوێندنگاکانی سونیش پشت بەو پەرتوکانە دەبەستن کە لای خوێندنگاکانی خۆیان نوسراوەتەوە، هەموو ئەوانە، ئاماژەن کە فیقهی شیعی درەنگتر لە فیقهی سوننی دەرکەوتووە و نوسراوەتەوە، ئەوەش بەهۆی هەژمونی سیاسی سەردەمی یەکەمی عەباسیی، چونکە عەباسییەکان پەیرەوی ڕێبازە سوننییەکانیان دەکرد و زۆریش دژایەتی عەلەوییەکانیان دەکرد(شنقارو، ٢٠٠١، ٨٤) بەڵام وەك جۆرێك لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و دامەزراندنی خوێندنگای سەربەخۆی فیقهی و وەڵامی ئەو پرسانەی ڕووبەڕوویان دەبویەوە، فیقهی شیعییان دامەزراند.

ئەو (چوار) پەرتوکە؛ کە بەبنەمای فیقهیان دادەنرێن، هاوتای (شەش) پەرتوکەکەی فەرمودەی سوننە (بوخاری، موسلیم، تورمزی، نەسائی، ئەبی داود، ئیبن ماجە)ن، کە تیایدا دیاترینیان گێڕانەوەکانی (ئەبو هورەیرە ٢١ پ. ك-٥٩ك/٦٠٢-٦٧٩ز)ن، کە شیعەکان بەناڕاستیان زانیوە و ڕەتیان کردۆتەوە، هەروەك چۆن سوننەکانیش پەرتوکەکەی (شێخ صدوق) بەناڕاست دەزانن(الخیون، ١٤٢٦، ٢٣٧)، کەچی شیعەکان پێیانوایە کەسێکی جێی متمانە و هۆشیار و بەتوانا و ڕاستگۆ

بووە و بە (ڕێبەری فەرمودەزانان و زیندوکەرەوەی ئایین) یان زانیوە(الصدوق، ٢٠١٦، ٧-١٣). لەلایەکی دیکەوە سوننەکان گێڕانەوەکانی (عەبدوڵڵا جەعفی) کە یەکێك بووە لە (تابعین) و گێڕەرەوەی فەرمودە(البخاري، ١٤٢٢، ١٥٤/٤؛ الدارقطني، ١٩٨٥، ٢٠٩/١)، بەناڕاست دەزانن، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە سوننەکان هەرگیز ناڵێن (جەعفەری صادق) درۆزن بووە، کە شیعە بەسەرچاوەی ڕەسەنی دەزانن، بەڵکو وتویانە ئەوانەی لەپەرتوکەکانداندان قسەی شیعەکان خۆیانە بەدەمی ئەوەوە هەڵبەستراون(الخیون، ١٤٢٦، ٢٣٧). بەوەش ڕێزیان لە ئیمامەکانی شیعە گرتووە.

یەکێکیتر لە پەرتوکە گرنگەکان؛ (نهج البلاغه)ی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)ە، کە لەلایەن (شەریف ڕەزی/٤٣٦ك/ ١٠٤٥ز) لە سەدەی (٤ك/١١ز) کۆکراوەتەوە، هەرچەندە قسەی زۆری لەسەرە لەلایەن ئەهلی سوننە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ڕاست و دروستی پەرتوکەکە هەیە، بەڵام شیعەکان هاوڕان لەسەری ئەوەی (نهج البلاغه) قسەکانی ئیمام (عەلی) یەو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی (شەریف ڕەزی) متمانە پێکراوە(القفاری، ١٤٢٨، ١٨٣/١). پەرتوکەکە، کۆمەڵێك (گوتار، ئامۆژگاری، حیکمەت، نامە)ن، کە بابەتەکانی ئیلاهیات و شرۆڤەی ڕوداوە سیاسییەکان و چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆگرتووە(راوی، ٢٠٢١، ٥١). تەنانەت (القفاری) پێیوابوو: پەرتوکەکە لە دەق و زنجیرەی گواستنە وەیدا ڕوون و ئاشکرایە، لەسەر بنەمای دیاریکردنی لێکۆڵەران(١٤٢٨، ١٨٣/١). بەڵام (ئیبن تەیمیە) پێیوایە، زۆربەیان پێش ئەمە نەناسراون، ئەگەرنا با گوازەرەوە ڕوونی بکاتەوە لەکام پەرتوکدا نوسراون؟ کێ لە عەلی وەریگرتووە؟، هەرکەسێک ئەزمونی هەبێت لەناسین و ڕێبازی ئەهلی فەرمودە و زنجیرەی گواستنەوە و جیاکردنەوەی حەقیقەت لە درۆ، دەزانێت ئەوانەی ئەو جۆرەشتانەیان لە عەلی گێڕاوەتەوە دوورترین کەس بوون لە گێڕانەوەدا، بۆیە نوسەر لەخۆیەوە شتی هەڵبەستووە(١٩٨٦، ٥٦/٨). (القاسمی)، لەوبارەیەوە نوسیویەتی: تێکەڵە لەقسە و وشەی دووبارە، ئەوانە قسەکانی عەلی نین، بەڵکو ئەوەی کۆیکردۆتەوە بۆئەوی گەڕاندۆەتەوە و ئاوازی بۆ داناوە(د.ت، ٢٣١). هەرچەندە سوننە و شیعە بەڕێژەیەکی زۆر یەکتریان ڕەتکردۆتەوە، بەتایبەت زانایانی سوننە بۆچونی شیعەکانیان تاڕادەی تەواوەتی ڕەتکردۆتەوە( ابراهیم، ١٩٩٩، ٩٠)، تا دەوترێت پرسیاریان لە پێشەوا(مالیك) کردووە سەبارەت بەشیعەکان، وتبووی: (لاتکلمهم ولا ترو عنهم فإنهم یکذبون)(ابن الحجر العسقلانی، ٢٠٠٢، ٢٠٢/١؛ المقدم، ٢٠٠٨، ١٦٨).

بە پێچەوانەوە؛ (ابن فندمە) ڕای وابوو، پەرتوکەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەڕوونکردنەوەی ئیمام (ئەحمەد کوڕی محمد وەبری خەواریزمی) بەستووە و زیاتر لە (حەفتا) سەرچاوە وەریگرتووە، کە (تەباتەبایی)ش پێیوابووە، ئەو (وەبری)یە باوکی (نەسر ئەحمەد کوری محمد کوڕی مسعود وەبری حەنەفییە) کە بەئیمامی گەورە (الإمام الکبیر) ناسراوە(١٤٢٥، ٧١)، بەڵام (فندیك) نوسیویەتی: براکەی (شەریف ڕەزی) کۆیکردۆتەوەو لەقسەکانی پێشەوا عەلی نین، بەڵکو هەڵبەستراوو کۆکراوەی خۆیەتی، کە ئەو بۆچوونە زۆرترین ئەگەری قبوڵکردنی هەیە(١٩٨٦، ٣٥٦). مشتومڕی دروستی و نا دروستی ئەوبابەتە درێژەی کێشاوە لەنێوان نوسەرو توێژەران، بەڵام پەرتوکەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ موسڵمانان گرنگە و لە جیهان ناسراوە و لەسەر (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) ساغ کراوەتەوە، چونکە پەیوەستە بەپەندو ئامۆژگاری و وتار، بەزمانێکی شیعری پاراو نوسراوە، وەك پەخشان دەرکەوتووە، ڕادەی زمانەوانی بەرزی تێدا بەکارهاتووە، هیچ خراپییێکی تێدا بەدی ناکرێت و پێویست بەمشتومڕی ناکات، تا دەروازەیەکی تری ململانێ بکەنەوە، پەرتوکەکە بۆتە ئەمری واقیع و پێویستە وەك پەرتوکێك ڕێزی لێبگیرێت، کە هەردوولا سود لە ئامۆژگاریەکانی وەربگرن.

جگەلەوە؛ گەلێك پەرتوکی تری فیقهی شیعە لەوبارەیەوە هەن، ڕەنگە زۆریان بەهۆکاری جیاجیا لەناوچووبن، بەڵام هەر تەنها پەرتوکە بەردەستەکانی (صدوقی)، کە لەئەنجامی گەڕان بەدوای زانست و کۆکردنەوەی فەرمودە نوسراون وەك (مشیخة الفقه، الأمالی، التوحید، ثواب الأعمال وعقاب الأعمال، علل الشرائع، عیون الأخبار، کمال الدین، معانی الأخبار ....) (الصدوق، ٢٠١٦، ٢٢/١). بەڵام پەرتوکی (عیون الأخبار الرضا) ی (صدوقی) وەك فیقهێکی سەربەخۆیە، کە

فیقهێکی تایبەتی بەناوی ئیمام (ڕەزا، علی کوڕی موسای کازم) دامەزراندوە و بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەوی تێدا ڕوون کردۆتەوە.

**پێنجەم: ڕۆڵی پێشەواکانی شیعە لە نوسینی پەرتوکە فیقهیەکاندا**

فیقهی شیعی؛ لەسەر دەستی هیچ یەکێك لە کەسە دیارەکانی بنەماڵەی عەلی یا (آل و بیت) نەنوسراوەتەوە، بەڵکو لەسەر دەستی زاناکانی شیعە و شوێنکەوتوان کۆکرانەوە، لەکاتێکدا ناکرێت ئەو کەسە زاناو موجتەهیدانەی بنەماڵەکە، خۆیان بیریان لەوە نەکردبێتەوە تا خوێندنگاو ڕێبازێکیان هەبێت و فەتواو شەرعی خۆیانی تێدا تۆماربکەن. بەتایبەت سەردەمی (جەعفەر صادق) سەرەتایەك بوو بۆ تۆمارکردن وکۆکردنەوەی نوسراو و دانانی پەرتوك، کە بەسەردەمی (نوسینەوە و پۆلێن کردنی پەرتوك) ناسرا(الذهبي، ١٩٩٣، ٩/١٣)، وەك (مونتێری) ناوی دەنێت (دەستپێکردنی قۆناغی ڕێکخستن) (٢٠١٨، ١٠٥)، بەڵام هیچ پەرتوکێك بەردەست نیە لەلایەن ئەوانەوە تۆمار کرابێت. بۆیە ئەگەر نوسرابێتەوە لەوانەیە لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسییەی بەسەریاندا هاتبوو بەنهێنی شاردرابێتەوە و دواتر بەهۆکاری جیاجیا لەناوچوبن، بەڵام هیچ ئاماژەیەکمان نەبینی تابڵێین دەسەڵاتی سیاسی ئومەوی و عەباسیی ئەو پەرتوکانەیان قەدەغە کردبێت یاخود کۆیان کردبێتەوە و لەناویانبردبێت، خۆئەگەر کارێکی لەوشێوەیە ڕوییدایە ئەوا لەچمکێکی لاپەڕەکانی مێژوودا تۆماردەکرا. لەگەڵ ئەوەی دوترێت زۆرێك لە پەرتوکی فەقیهەکانی سوننیش لەلایەن خوێندکارەکانیانەوە نوسراوەتەوە، وەك (العالم والمتعلم) ی (ئەبو حەنیفە) لەلایەن کەسێك بەناوی (أبي مقاتل حفص بن سلم السمرقندي) نوسراوەتەوە(الخميس، د.ت، ١٢٤). چونکە لەکاتی وانەکاندا گوێگرەکان وانەکانیان دەنوسییەوە، ئەوەش بوو بەبەرهەمی دەستی ئەوکەسانەی لە وانەکان ئامادە دەبوون، ئەوەی دەیانبیست تۆماریان دەکرد(عەزیز، ٢٠٢٣، ٢٤).

هەرچەندە وتراوە؛ پێشەواکانی فیقهیش، حەزیان بەنوسینی پەرتوك نەکردووە، بەڵام ناکرێت ئەوە بەڕەهایی پەسەند بکرێت، مەرجیش نیە هەر پەرتوکێك بەناوی ئەوانەوە نوسرابێت پەرتوکی ئەوانبێت. بۆیە شیعەکان فیقهی خۆیان لە زەمەنێکی دواتردا تۆمارکردووە، ئەوەش هەر بۆئەو بارودۆخە سیاسیە دەگەڕێتەوە کە شیعەکان و نەوەکانی عەلی تێیدا ژیان، چونکە دوای ئومەوییەکان عەباسییەکانیش، بەتایبەت لەسەردەمی (ئەبو جەعفەر مەنسور)ەوە کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنی کەسە دیارو زاناکانیان، تا بواری ژیانیان بۆ نەهێشتنەوە(عكله، ٢٠١٣، ٨١)، چجای ئەوەی فریای تۆماری فیقهو فەرموده و نوسینی ڕای خۆیان بکەون، لەکاتێکدا بارودۆخی سیاسی، تاسەردەمی خەلیفە (مەهدی) دژی ئەوان بوو، تەنانەت دوای کوژرانی (موحەمەد نەفس زەکییە)، خەلیفە (مەنسور) ڕێگاکانی بەسەردا داخستن تا کەلوپەل و پێداویستیان لەدەریاوە پێنەگات، تا سەردەمی خەلیفە (مەهدی) هات و ئەو فەرمانەی هەڵوەشاندەوە(ابن الأثير، ١٩٩٧، ١٢٨/٥؛ النويري، ١٤٢٣، ٤٩/٢٥؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٢٤٣/٣). تائەو قۆناغەش زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی (عەلی) یا کۆچی دواییان کردبوو یا کوژرا بوون یاخود لەزیندان بوون و یا خۆیان شاردبوویەوە.

بەڵام (السالوس)؛ لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (مع الاثنى عشرية في الأصول والفروع) بەوردی چۆتە نێو ئەو بابەتەوە، گەیشتوەتە ئەوەی: (أصول الكافي) لای قوتابخانەی فیقهی جەعفەریی بەرزترین پێگەی هەبووە، ژمارەی فەرمودەکانی نزیکەی (حەڤدە هەزار) فەرمودەیە و یەکەم ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامییە کە نووسەرەکەی توانیویەتی ژمارەیەکی وا لە فەرمووده کۆبکاتەوە، ئەوەش قوربانیدانی (بیست)ساڵی تەمەنی ویستووە، هەردەم لە گەڕان بووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، لە هەرشوێنێك زانیبێتی فەرمودەیەك هەیە لە گێڕانەوە و نوسین بەدوایدا چووە، تا دەستی نەکەوتایە نەدەڕۆیشت، بۆیە توانیویەتی فەرمووده ڕاستەکان کۆبکاتەوە، هەموو ئەو فەرموودانەی لە (أصول الكافي) دا باسکراون لەلایەن نووسەرەوە بەڕاست دانراون، هەر بۆیەش بەڕاستی دەریخستوون(٢٠٠٣، ٧١٩). ئەوە لەکاتێکدا (کولەینی) نوسەری پەرتوکی (أصول الكافي) لە ساڵی (٣٢٩ك/٩٤١ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەوەش جیاوازیەکی زۆرە لە نێوان پەیامبەرو کولەینی (سێ) سەدە و لەنێوان (جەعفەر صادق) و (کولەینی) نزیکەی دوو سەدەیە، بەوجۆرە فیقهی شیعی بەراورد بەفیقهی سوننی درەنگتر

دەرکەوتووە و تۆمارکراوە. لەکاتێکدا فیقهی سوننی بەشێکی بەدەستی خودی پێشەواکان و لەسەر داوای خەلیفەکانی عەباسیی نوسران، وەك (مالیك) لەسەر داوای (مەنسور) پەرتوکی (الموطإ)ی نوسی و لەسەر داوای (هارون رەشید)یش (ئەبو یوسف) پەرتوکی (الخراج) ی نوسی ( ابراهیم، ١٩٩٩، ٩٨). ئەوانیتر بەدەستی خوێندکارەکانیان و لە ئەنجامی پرسیار و وەڵامەکاندا نوسرانەوە(الخمیس، د.ت، ١٢٤)، بەڵام فیقهی شیعی دوای ماوەیەکی زۆر و لەسەر زاری خەڵك و گێڕەرەوەکان کۆکرایەوە. وەك ئاماژە بەنوسینی پەرتوکی (عیون أخبار الرضا) سەبارەت بە فیقهی (موسای کازم) لای (شیخ صدوق) کراوە، کە دوای گەڕانێکی زۆر و ماندوو بوون و پرسیارکردن لە کەسە زاناکان و گێڕەرەوەکان بەدەست هاتووە (الصدوق، ٢٠١٦، ١/٢٢).

شیعەکان؛ بۆ چەسپاندنی ڕەوایەتی (الکافی) باسبان لەوەکردووە: (هەندێک لە زانایان پێیان وابوو، پێشکەشی (القایم) کراوە (واتە ئیمامی دوانزە) ئەویش پەسەندی کردووە و وتبووی: "بەسە بۆ شیعەکانی ئێمە" بەوجۆرە هیچ ناکۆکییەک لە نێوان جەعفەرییەکاندا نییە سەبارەت بەپێگەی ( أصول الکافی)(السالوس، ٢٠٠٣، ٧٢٠؛ الباکستاني، د.ت، ٢٩). بۆیە شیعەکان وەك باوەڕپێکراوترین پەرتوکی فیقهی شیعی پشتیان پێبەستووە و هیچ گومانێکیان لە ڕاستیی و دروستی نەکردووە، بەڵام سوننەکان کاری پێناکەن. لەگەڵ ئەوەدا هیچ یەکێك لە سوننەو شیعە شت لەیەکتر وەرناگرن وەك ڕای شەرعی، ئەوەش یەکێکە لە گرفتەکانی جیهانی ئیسلام، لەبری پاڵپشتی بەبەڵگە نارەوایەتی و ناڕاستی یەکتر دەسەلمێنن. تەنانەت (الباکستاني) نوسیویەتی: شیعەکان پێیانوابوو قورئان شێواوە و لێی زیادوکەم کراوە، بۆیە پەرتوکەکانی خۆیان بەباشتر زانیوە، چونکە وتویانە پێشانی ئیمامەکان دراوە و پەسەندیان کردووە، بەتایبەتی (أصول الکافی) کە هیچ شتێك هاوشێوەی ئەو نییە لە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە گۆازرابێتەوە، (کولەینی) زۆر جێگەی متمانەیە، تاناویاننا "زیندوکەرەوەی ڕێبازی ئەهلی بەیت"(د.ت، ٢٨-٢٩). بۆیە پێیانوابووە لە قورئان باشترە، چونکە خەڵکی لەسەر پێکهاتەی قورئان و ئیعجازەکانی مشتومڕیان کردووە(المسعودي، ٢٠٠٥، ٢/٢٣٠). بەلام شیعەکان لەسەر قسەی پێشەواکان مشتومڕ ناکەن.

بەڵام؛ زانا و کەسە دیارەکانی بنەماڵەی عەلی ڕۆڵیان لەبڕیارو فەتواو فیقهدا هەبووە، چونکە کەسێکی وەك (موحەمەد حەنیفە) بڕیارو فتواکانی (موختار کوڕی ئەبی عوبێد) کە یەکێك بووە لەکەسە دیارەکانی ڕێبازی کەیسانی و لایەنگری خۆی بووە هەڵوەشاندۆتەوە و وتبووی: ئەو لێکدانەوانە چەواشەکاری و گەندەڵین(الشهرستاني، د.ت، ١/١٤٩). وەك (زەید)یش چەندین بڕیاری داوە، وەك هەبوونی (دوو) ئیمام لەیەککاتدا، یاخود دەبێت بۆ دانانی پێشەوا ڕەچاوی باشترین کەس بکرێت، کە عەلی باشترینی هاوەڵان بوو، یا لایەنێك لەوانەی شەڕی (جەمەل)یان کرد هەڵەن، بەڵام ڕونی نەکردۆتەوە کام لایەنیان هەڵەن و چەندین فەتوای داوە(الشهرستاني، د.ت، ١/١٥٥). تا لە زۆر بواردا لەگەڵ شیعەکانی تر جیاواز بووە، ئەو قوتابخانەیە بەنەرمونیانی و لێبوردەیی ناسرا، نزیکترین کۆمەڵەی شیعەن لە ئەهلی سوننە و قوتابخانەیەکی بیروڕان، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك بیروڕادا لەگەڵ سوننەش ناکۆکن( ابراهیم، ١٩٩٩، ٨١).

بۆیە؛ ئەگەر پەرتوکە فیقهیەکانی شیعە لەسەر دەستی پێشەواکانی فیقهی نەنوسرابێتەوە، ئەوا بەشێکی زۆری ئەو فتواو فەرمودانە لە گێڕەرەوەکانەوە بەنوسەرەکان گەیشتووە و تۆمارکراون، بەڵام لە سەردەمێکی دواتر و درەنگدا، کە لەوانەیە ئەوەش بوبێتە هۆی ئەوەی گەلێك قسەو فەرموده و فتوا بکەوێتە نێو باسەکانەوە، کە نەقسەی پەیامبەر و نەقسەی پێشەواکان بووبن، کە بوونە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی سەردەم ناکۆکبن، بۆیە بواری تۆمارکردن لای شیعەکان دواکەوت.

**شەشەم: کاریگەری ڕەوشی سیاسی لە نوسینەوەی فیقهی شیعیدا**

وەك ئاماژەمان بۆکرد؛ فیقهی شیعی لەسەردەمی یەکەمی عەباسییدا تۆمار نەکراوە و نەنوسراوەتەوە، یاوەك خوێندنگایەکی هزری شیعی گەشەی نەکرد، بەهۆی بارودۆخی سیاسی سەردەمەکە، بەڵکو کەوتۆتە سەدەی سێهەم و چوارەمی کۆچی و تاکۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم بەشێوەی پچرپچڕ نوسراون و کۆکراونەتەوە. ئەو قۆناغەی تورکەکانیش هاتنەپێشەوە (٢٤٧-

٣٢١ك/٨٦١-٩٣٣ز)(أفندي، ٢٠١٨، ٥٩)، بوارێکی ئەوتۆیان پێنەدان، بەڵام دواتر بوەیهییەکان (٣٢١ك/٩٣٣ز) لەنەوەی پاشا کۆنەکانی ئێران لە ساڵی (٣٣٤ك/٩٤٦ز) چونە ناو شاری (بەغدا) و دەسیان گرت بەسەر خەلافەت و باوەڕی شیعەگەریيان چەسپاند، ڕێورەسمەکانی وەك ڕۆژی عاشورا و ئاهەنگ گێران بەبۆنەی ڕۆژی (غەدیر) یان ئەنجامدا، تا ساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٦ز) بەدەستی سەلجوقیەکان کۆتاییان پێهات، هەر باڵادەست بوون بەسەر خەلافەتی عەباسییدا و شیعەگەریش لە گەشەکردندا بوو(أفندي، ٢٠١٨، ٧٩؛ الهروري، ١٤٢٠، ٥٩/١).

لەوقۆناغەدا؛ فیقهی شیعی لەلایەن ئەو (سێ) نوسەرەی ئاماژەمان پێدا کۆکرایەوە و تۆمارکرا، کە بەهەرسێ نوسەری ئەو پەرتوکە فیقهیانە دەوترا (سێ موحەمەد)ەکە(الباکستاني، د.ت، ٣٠). چونکە هەرسێکیان ناویان (موحەمەد) بوو. بەوشێوەیە فیقهی شیعی لەژێر کاریگەری سیاسەتی سەردەمدا کۆکرایەوە و تۆمارکرا، چونکە سەردەمی باڵادەستی بوەیهییەکان بوو. ئەوانیش هەم شیعەو هەم ئێرانی بوون، ئەوەش ئەو دەستەواژەی (القفاری)مان بیردەهێنێتەوە کە وتبووی: زۆربەی فارسەکان شیعەن و شیعە بەرایيەکانیش هەر فارسن(١٤١٤، ٨٥/١). بەوجۆرە سیاسەت ڕۆڵی بینی لە نوسینەوەو تۆماری فیقهی شیعی و سەرخستنی، بۆیە ئەوە دروستە کە خوێندنگای فیقهی شیعی لەژێر هەژمونی سیاسی سەردەمی یەکەمی عەباسییدا گەشەکردنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی. دیارە دەسەڵاتی سیاسی پشتیوانییەکی ئەوتۆی نەکردن و ڕێگەی نەدان بەئازادی بیروڕاو تیۆرەکانی خۆیان دارێژن، لەکاتێکدا بیریارێکی وەك (جەعفەر صادق) هیچ کات نەیویست دژایەتی خەلافەت بکات و بەکەسێکی نەرمونیان ناسرا(طقوش، ٢٠١٥، ٧٨)، تائەوەی خەلیفە مەنسور لەکاتی گفتوگۆدا هەرەشەی لێکردبوو، وتبووی: سوێند بەخوا دەتکوژم. بەڵام ئەو وتبووی: پەلەمەکە، تەمەنم (٦٣) ساڵە، باوکم و باوەگەورەم لەوساڵەدا کۆچی دواییان کردووە، بەڵێن دەدەم تا زیندووم بۆت نەبمە هۆی زیان، ئەگەر دوای تۆش بمێنم ڕێز لەوکەسە دەگرم دێتە سەرکار(الطبري، ١٩٦٧، ٥٠٣/٧؛ الاصبهاني، د.ت، ٢٤١؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ١٢٩/٥). کەچی مەنسور لەوەسیەتەکەیدا مەهدی کوڕی ئاگاداردەکاتەوە: "خوێنی کەس بەناڕەوا نەڕێژیت، چونکە گوناحێکی گەورەیە لای خودا و نەنگییە بۆ دونیا"(الطبري، ١٩٦٧، ١٠٥/٨؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٢٥٧/٣). وەك ئەوەی ئەو خوێنەی ڕشتویەتی ڕەوابووە، لەکاتێکدا مێژوونوسان کۆکن لەسەرئەوەی نەگبەتی عەلەویيەکان بەراورد بە سەردەمەکانیتر لەسەردەمی ئەودا زۆر زیاتر بووە، کەجۆرەها ئەشکەنجە دران و فڕێدرانە زیندانەکان و سوکایەتیان پێکرا(عکله، ٢٠١٣، ٨١).

بەپێچەوانەوە؛ ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی، ئازارێکی زۆری فەقیهەکانی سوننەیاندا، بەڵام پشتیوانیشیان کردن لە کۆکردنەوە و نوسین، کە پەرتوکی (موطإ)ی مالیك یەکێکە لەو نمونانەی دەسەڵات گرنگی زۆری پێدا(مونتیری، ٢٠١٨، ٤٥). هەرچەندە ئەو سەردەمە بەقۆناغی بیروڕای ئازاد و ئیجتیهاد ناسرا، تائەو بیروڕایانە کاروباری حوکم و لایەنەکانی ژیانی گشتی گرتەوە( ابراهیم، ١٩٩٩، ٩٨). ئەگەرچی ئەو ئازادییە بۆ عەلەویەکان نەبوو، بەڵام پەیڕەوی سیاسەتی نەرم و نیانی (جەعفەر صادق) و خۆبەدورگرتنی لە شۆڕش و ڕاپەڕین وایکرد خوێندنگای جەعفەری بتوانێت گەشە بەبیروبۆچونە کانی بدات. لەگەڵ ئەوەدا وتراوە هەرچی شیعەکان وتوویانە پەیوەندییان بەدەقە قورئانییەکان و فەرموودەکانی پەیامبەرەوە هەبوو، بەڵام بۆچوونەکانیان بیرۆکەیەکی فەلسەفی لەخۆگرت، کە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی خوێندنگای فەلسەفی و ئایینییەکانی پێش ئیسلام لە شارستانیەتی ئێرانی کە بەسەرهەڵدانی ئیسلام کۆتاییان هاتبوو(صقر، د.ت، ٣٥). ئەوەش ئاماژەیە کە ئەو ڕێبازو خوێندنگا فیقهیانەی شیعیە لەژێر هەژموون و بیرۆکەکانی فەلسەفەی کۆنی ئێرانی و ئایینەکانی وەك (زەردەشتی، مانی، مەزدەکی) دا دەسوڕایەوە، لە بیروباوەڕ و ئەقڵیەتدا وەک عەرەب نەبوون، موسڵمان بوون، بەڵام بەڕەنگ ڕێژی فارسی و بەپێی ڕێگەپێدانی ئایینی کۆنیان، بیروباوەڕ و نەریتی ئایینی پێشویان لەبیر نەکرد، کە چەندین نەوە لەگەڵی گەورە بووبوون، خەیالی فارسی بوون و شیعر و پەند و حیکمەتی گەلەکەی خۆیان پاراست(الفیومی، ٢٠٠٢، ١٨٣/٣).

## ليستى سەرچاوەكان

### القرأن الكريم

### يەكەم: سەرچاوە عەرەبييەكان

#### ١– سەرچاوە عەرەبييە ڕەسەنەكان:

١– ابن القيم، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر (١٩٩١)، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ت: محمد عبد السلام إبراهيم، بيروت، دار الكتب العلمية.

٢– الجيزاني، محمد بن حسين (١٤٢٧)، معالم أصول الفقه عند أهل السنة والجماعة، ط٥، د.م، دار ابن الجوزي.

٣– المسعودي، أبي الحسن بن علي (٢٠٠٥)، المروج الذهب ومعادن الجواهر، راجعه: كمال حسن مرعي، ط١، صيدا، بيروت، المكتبة العصرية.

٤– ابن منظور، محمد بن مكرم (١٩٨٤)، مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر، ت: روحية النحاس وأخرون، دمشق، دار الفكر.

٥– الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله (١٩٦٣)، ميزان الاعتدال في نقد الرجال، ت: علي محمد البجاوي، بيروت، دار المعرفة.

٦– ابن العبري، غريغوريوس (١٩٩٢)، تاريخ مختصر الدول، ت: أنطون صالحاني اليسوعي، ط٣، بيروت، دار الشرق.

٧– أبن عراق، نور الدين، علي الكناني (١٣٩٩)، تنزيه الشريعة المرفوعة عن الأخبار الشنيعة الموضوعة، ت: عبد الوهاب عبد اللطيف ، عبد الله محمد الغماري، ج١، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية.

٨– ابن حجر العسقلاني، أحمد بن علي بن محمد (٢٠٠٢)، لسان الميزان، اعتنى به: عبد الفتاح أبو غدة، بيروت، دار البشائر الإسلامية.

٩– أبوحيان، أثيرالدين محمد، الأندلسي (٢٠٠٠)، البحر المحيط (في التفسير)، د.ط، بيروت، دارالفكر.

١٠– الزركشي، أبو عبد الله بدر الدين بهادر الشافعي (١٩٩٨)، النكت على مقدمة ابن الصلاح، ت: زين العابدين بن محمد بلا فريج، الرياض، أضواء السلف.

١١– السلماسي، أبو زكريا يحيى الأزدي (٢٠٠٢)، منازل الأئمة الأربعة أبي حنيفة ومالك والشافعي وأحمد، ت: محمود بن عبد الرحمن قدح، الرياض، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية.

١٢– إمام، محمد علي محمد، (٢٠٠٥)، كلمات مضيئة في الدعوة إلي الله، تقديم: الشيخ علي سعد أبو الخير، مصر، مطبعة السلام، ميت غمر.

١٣– أبي طالب، على بن (١٩٦٧)، نهج البلاغة، ضبط نصه، صبحي الصالح، بيروت، د.م.ط.

١٤– الجعفري، صالح بن الحسين الهاشمي (١٩٩٨)، تخجيل من حرف التوراة والإنجيل، ت: محمود عبد الرحمن قدح، الرياض، مكتبة العبيكان.

١٥– الصدوق، محمد بن علي (٢٠١٦)، عيون أخبار الرضا، تح: أحمد الماحوزي، تهران، مؤسسة الصادق.

١٦– الدارقطني، أبو الحسن علي بن عمر (١٩٨٥)، ذكر أسماء التابعين ومن بعدهم ممن صحت روايته عن الثقات عند البخاري ومسلم، ت: بوران الضناوي – كمال يوسف الحوت، بيروت، الكتب الثقافية.

١٧– البخاري، محمد بن إسماعيل، صحيح البخاري (١٤٢٢)، ت: جماعة من العلماء، بيروت، دار طوق النجاة.

١٨– ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس الحراني (١٩٨٦)، منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، ت: محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية،

١٩– ابن فندمه، أبو الحسن ظهير الدين علي بن زيد بن محمد بن الحسين البيهقي (١٤٢٥)، تاريخ بيهق تعريب، دمشق، دار اقرأ.

٢٠– ابن الاثير، عزالدين ابى الحسن على بن ابى الكرم (١٩٩٧)، الكامل فى التاريخ، ت: عمر عبد السلام تدمري، بيروت، دار الكتاب العربي.

٢١– النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب بن محمد (١٤٢٣)، نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب القاهرة، والوثائق القومية.

٢٢- ابن خلدون، عبد الرحمن (١٩٨١)، العبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، ضبط: خليل شحادة، مراجعة: سهيل زكار، بيروت، دار الفكر.
٢٣- الشهرستاني، الامام ابي الفتح محمد بن عبدالكريم (د.ت)، الملل والنحل، د.ط، تمارة، مؤسة الحلبي.
٢٤- الهروري، أبو سهل محمد النحوي (١٤٢٠)، إسفار الفصيح، ت: أحمد بن سعيد بن محمد قشاش، ط١، المدينة، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية.
٢٥- الأصبهاني، علي بن الحسين (د.ت)، مقاتل الطالبيين، ت: السيد أحمد صقر، د.ط، بيروت، دار المعرفة.
٢٦- الطبرى، محمد بن جرير (١٩٦٧)، تاريخ الرسل والملوك، ت: محمد أبو الفضل، ط٢، مصر، دار المعارف.

**ب- ژێدەرە عەرەبییەکان:**

١- ابراهيم، عبدالرحمان ابراهيم (١٩٩٩)، المدخل لدراسة الفقة الإسلامي، عمان، دار الثقافة.
٢- البياتى، منيرحميد؛ الدوري، قحطان عبدالرحمان (١٩٧٦)، المدخل الى الدين الإسلام، بغداد، دارالحرية.
٣- الدليمي، عباس فاضل (٢٠٢٤)، مناطق التضاد العقائدى في طحن الامة بين الشيعة والسنة، ديالى، مطبعة جامعة.
٤- الباكستاني، إحسان إلهي ظهير (د.ت)، الشيعة والقرأن، د.ط، لاهور، باكستان، إدارة ترجمان السنة.
٥- بلكا، إلياس (٢٠٢٥)، مشكلات افتراق الأمة إلى أهل سنة وشيعة الأصول والفروع، ط١، أبوضبي، الحكماء للنشر.
٦- دخيل، علي محمد علي (٢٠١١)، أئمتنا سيرة الأئمة الإثني عشر عليهم السلام، ط١٠، بغداد، مكتبة القائم.
٧- الدقر، عبدالغني (١٩٩٦)، الامام الشافعي فقيه السنة الأكبر، ط٦، دمشق، دار القلم.
٨- الحوالي، سفر بن عبدالرحمان (٢٠١٢)، أصول الفرق والاديان والمذاهب الفكرية، المنصورة، دار الرواد.
٩- الخيون، رشيد (١٤٢٦)، الأديان والمذاهب بالعراق، المطبعة سبحان، د.م.ط.
١٠- الفيومى، محمد ابراهيم (٢٠٠٢)، تاريخ الفرق الاسلامية السياسى والدينى، القاهرة، دار الفكر العربى.
١١- القفارى، ناصر بن عبد الله (١٤١٤)، أصول مذهب الشيعة الإمامية الإثني عشرية - عرض ونقد، السعودية، د.م.ط.
١٢- شرارة، عبد الجبار حمد حسين (١٩٧٥)، أحكام الغصب في الفقه الإسلامي، موسسه الأعلمي للمطبوعات، بيروت، مكتبة دار التربية.
١٣- شنقارو، عواطف العربي (٢٠٠١)، فتنة السلطة الصراع ودوره، ط٢، بنغازي، دار الكتب الوطنية.
١٤- السالوس، علي بن أحمد (٢٠٠٣)، مع الاثنى عشرية في الأصول والفروع، ط٧، مصر، دار القرآن.
١٥- السبحاني، أية الله جعفر (١٤٢٧)، المذاهب الاسلامية، ط٢، د.م.ط، مؤسسة الإمام الصادق.
١٦- الزحيلي، وەهبة (د.ت)، الفقه الإسلامى وأدلته للزحيلى، ط٤، دمشق، دار الفكر.
١٧- القاسمي، محمد جمال الدين الحلاق (د.ت)، قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، بيروت، دار الكتب العلمية.
١٨- المقدم، محمد بن أحمد بن أسماعيل (٢٠٠٨)، فقه أشراط الساعة، ط٦، د.م.ط، الدار العالمية.
١٩- فنديك، ادوارد كرنيليوس (١٩٨٦)، اكتفاء القنوع بما هو مطبوع، أشهر التآليف العربية في المطابع الشرقية والغربية، صححه وزاد عليه: السيد محمد علي الببلاوي، مصر، دار الهلال.
٢٠- الخميس، محمد بن عبدالرحمن (د.ت)، أصول الدين عندالإمام أبي حنيفة، د.ط، الرياض، دار الصميعي.
٢١- أفندي، نظمي زاده مرتضى (٢٠١٨)، كلشن خلفا أو روضة الخلفاء، ترجمة: موسى كاظم نورس، بيروت، دار الوراق.
٢٢- عكله، منال حسن (٢٠١٣)، الثورات العلوية والشيعية في العراق واثرها في نشوء الفرق الاسلامية حتى عام ٣٣٤هـ، بغداد، دار الشؤن الثقافية العامة.
٢٣- صقر، شحاتة محمد، د.ت، جهود علماء الأزهر في بيان حقيقة دين الشيعة، راجعه وقدم له: محمد بكر إسماعيل حبيب، د.ط، الأسكندرية، الدار السلفية.

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**

**١-ژێدەرە کوردییەکان:**


١- برۆکلمان، کارل، (٢٠١٧)، مێژوی گەلانی موسڵمان، و: عومەر عەلی، سلێمانی، چاپخانەی تاران.
٢- عمارە، عمارە محمد (٢٠١٠)، چوار ئیمامەکەی ئیسلام، و: فاروق بالیسانی، هەولێر، ڕۆژهەڵات.
٣- عەزیز، هۆشمەند عەلی (٢٠٢٣)، کاریگەری ململانێی مەزهەبی لەسەر نوسینەوەی مێژوو لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچی، تێزی دکتۆرا، زانکۆ کۆیە.
٤- ماجد، عبدولمنعم (٢٠١٣)، مێژوی سیاسی عەرەب، و: مەلا عەزیز، کەرکوك، ئاوێر.
٥- مونتیری، حاکم عبیسان (٢٠١٨)، مێژوی نوسینەوەی فەرمودەو گومانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان، و: سەرهەنگ عەبدوالواحید قادر، سلێمانی، ڕێنوێن.
٦- راوی، یونس (٢٠٢١)، ئیلاهییات، سلێمانی، چاپخانەی تاران.
٧- طقوش، محمد سهیل (٢٠١٥)، مێژووی دەوڵەتی عەباسیی، و: هێمن ئەحمەد، سلێمانی، چوارچرا.
٨- قادر، رەمەزان حەمەدەمین (٢٠١٧)، زانستی کەلام و موعتەزیلە، سلێمانی، چوارچرا.
٩- ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠١٥)، مێژووی ئایینەکان، چ٣، سلێمانی، چوارچرا.


**الهوامش**

---

(١) سورة الاجاثية، أية ١٨، واتا: ئێمە تۆمان خستە سەر شەریعەت و ڕێگاو بەرنامەیەکی ئاشکرا، شوێنی بکەوە و کاری پێبکە.
(٢) سورة التوبة، أيه ٨٧. واتا: خودا مۆری لەسەر دڵیان داوە بۆیە ئەوان لە هیچ تێناگەن.
(٣) سورة التوبة، أية ١٢٧. واتا: ئەوان گەلێکن لە هیچ تێناگەن.
(٤) سورة النساء، أية ٧٨. واتا: ئەو خەڵکە چییانە بۆ لە قسە تێناگەن و لە ڕاستییەکان حاڵی نابن.